وەزارەتی پێشمەرگە: پلەی هەشت هەزار و 168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەت بەرز کرایەوە



وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاویکردووە، پلەی هەشت هەزار و 168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە بەرز کرایەوە، وەزیری پێشمەرگەش دووپاتی، "لەگەڵ دابینکردنی ماف‌ەکانی پێشمەرگە، پێویستە پێشمەرگە هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانیدا بێت".

بەگوێرەی نوسراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە، بە ژمارە (2307) کە لە بەرواری ئەمڕۆ پێنجشەممە دەرچوە و ئیمزای وەزیری پێشمەرگەی لەسەرە، "پلەی هەشت هەزار و 168 پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگەی سەر بە دیوانی وەزارەت و لیواکان لە خشتەی (ئەیلول/9)ی ساڵی 2024، بەرز کرایەوە".
ئاماژەی بۆشکرد، بەرزکردنەوە بە گوێرەی خزمەتی سەربازی و بڕوانامەکانیان بە سەر دو لیستدا دابەشدەکرێن کە یەکەمیان پێکدێت لە پێنج هەزار و 70 پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە و لیستی دووەمیش پێکدێت لە سێ هەزار و 98 پلەدار و پێشمەرگە.

لایخەیەوە شێش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەر دووپاتی، "پیرۆزبایی لە سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەکەم. هیوادارم سەرکەوتوبن و بەردەوام بن لە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و پاراستنی خاک

و ئاڵا و خەڵکی کوردستان".

دڵشەت، "هەوڵماندا پلەبەرزکردنەوەی پێشمەرگە و پلەدارانی وەزارەتی پێشمەرگە بخەینە سەر ڕێچکەی ئاسایی و یاسایی خۆیی، لە پاڵ ئەوەشدا دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە و باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان، لە ئەولەویەتی کاری وەزارەتی پێشمەرگە و پرسەی چاکسازییە".

وەزیری پێشمەرگە باسی لەوەشکرد، "لەگەڵ دابینکردنی مافەکانی پێشمەرگە، پێویستە پێشمەرگە وەک هەمیشە لە بەرەوپێشچوون و بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانیدا بێت".